# کات بۆ منالاّن

# ناوەرۆك


دانی باشترین بریار 02

ئایا بەراستی منالاّن دایك و باوكیان دەوێت؟ 06

ئایا دایك یان باوك گرنگترە؟ 08

ئایا چەند زۆر پەیوەندی باشترە؟ 10

ئایا هەبوونی پەیوەندی هەمیشە باشە بۆ منالاّن؟ 14

چی بە منالەكان بلێم؟ 18

ئامۆڤگاری و پشتگیری 21

## دانی باشترین بریار

منالآن شیاوی ئەوەن کە پەیوەندی هەبێت لە نێوان دایك و باوك. کاتێك خێزان هەلدەوەشێتەوە، زۆر گرنگە بۆ منالآن کە پەیوەندیان لەگەڵ دایك و باوکیان هەروەها لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکەیان و خزم و کەسیان بمێنێت و گەشە بکات.

باشترین رێکخستنەکاری بۆ پاراستنی ئەم پەیوەندیانە ئەمانەیە کە:

- منالآن لە ناکۆکی بەردەوامی خێزان دووربکاتەوە و بپارێزێت
- دلنیایی بکات لەهەبوونی دایکایەتی و باوکایەتی و چاودێری باش

بەشێوەیەکی ئاسایی دایك و باوك باشترین کەسن بۆ کردنی ئەم رێکخستنەکاریانە پاش رەچاوکردنی پێداویستی و بیرورا و هەستی منالەکانیان.

کاتێك کە خێزان جیادەبێتەوە، هەندێ جار دایك و باوك زۆر گرنگی دەدەن بە تاوتوێکردنی بری کاتی تەرخانکراو بۆ پەیوەندی[1] کە هۆی حەقیقی ئەو کاتە لەگەڵ منالەکانیان چاوی لێ دەپۆشرێ.

---

[1] پەیوەندی دەستەواژەیەکە بە مانای ئەو رێکخستنەکاریانەیە بۆ بەردەوام بوونی پەیوەندی نێوان منال و دایك و باوکی یاخود چاودێریکەری کە چیتر لەگەلیان ناژیت.

هەر كەسێك بە ئەزموونی جیابوونەوەی خێزانی تێپەری بێت ئەزانێت ئەمە چەند شتێكی قورسە. لەوانەیە هێمنی و ژێربوون شتێكی زەحمەت بێت كاتێك هەست و سۆزێكی بەرز هەیە. زۆر جار هەست دەكرێت كەوا هەموو جۆرە پەیوەندیەك لەگەڵ یەكتری بە تەواوی هەرەسی هێناوە و ئەگەری رێككەوتن لەسەر هیچ شتێك نەماوە. هەرچەندە لەوانەیە گرنگی دان بە بەرژەوەندی منالەكانت زەحمەت بێ، زۆر لە دایكان و باوكان ئەبینن كەوا خستنە لای ناكۆكیەكان و بیركردنەوە لە پێداویستی منالەكانیان رێگایەك دابین دەكات بۆ كردنی رێكخستنەكاریەكان. منالەكان ئێوەیان خۆش دەوێت و پشتیان بە ئێوە بەستووە، وە ئێستاكە زیاتر لەهەموو كاتێكی تر پێویستیان بە چاودێری ودلنەوایی ئێوە هەیە. بۆیە دانی باشترین بریار لەمەر دوارۆژیان شتێكی سەرەكیە.

ئەم رێنماییە لەلایەن خزمەتگوزاری پشتگیری و راوێژكاری دادگای خێزان و منالْ (CAFCASS) نوسراوە بۆ دایكان و باوكان و باپیرو داپیر و چاودێریكەران كە رووبەرووی لێك جیابوونەوەی خێزان بوونەتەوە و لەگەڵ ئەو بریارە سەختانەی دەدرێت سەبارەت بە دایكایەتی و باوكایەتی كردنی منالەكانیان لە داهاتوودا. ئەم رێنماییە زانیاری تیایە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات باشترین بریار بدەیت سەبارەت بە رێكخستنەكاریەكان بۆ منالەكانت. هەروەها یارمەتیت دەدات لە تێگەیشتنی ئەو بۆچوونەی كە كارمەندانی خزمەتگوزاری پشتگیری و راوێژكاری دادگای خێزان و منالْ (CAFCASS)بەكاریان هێناوە لە كاتی ئامۆژگاری كردنی دادگا و خێزانەكان سەبارەت بە هەبوونی پەیوەندی. ئێمە باوەرمان وایە كە تۆ مافی ئەوەت هەیە ئەو زانیاریانەت هەبێ و بزانیت شارەزایان چۆن سەیری ئەو مەسەلانە دەكەن كە زۆر بۆ منالەكانت گرنگە. هەر بەشێكی ئەم رێنماییە جەخت دەكاتە سەر نیگەرانی یان مەسەلەی دیاریكراو كە بەپێی شارەزایی ئێمە، زۆر جار ئەو خێزانانە رووبەرووی دەبنەوە كە دێنە دادگا دوای جیابوونەوە.

# لەبارەی خزمەتگوزاری پشتگیری و دادگای راوێژکاری خێزان و منداڵ "CAFCASS"

خزمەتگوزاری پشتگیری و دادگای راوێژکاری خێزان و منداڵ (CAFCASS)دەستەیەکی گشتیە کە سەر بە دادگا و خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵایەتی و فێرکردن و دەسەڵاتی تەندروستی و رێکخراوەکانی تر نیە. کارمەندەکانمان راهێنراون و شارەزان لە بواری کارکردن لەگەڵ منداڵان و خێزان، کە یارمەتی خێزانەکان دەدەن و ئامۆژگاریان دەکەن لەبارەی دادگا و مەسەلەکانی خۆشگوزەرانی منداڵان.

رۆڵی ئێمە بریتیە لەمانەی خوارەوە:

- دانانی منداڵ لەپێش هەموو شتێکی ترەوە وە دلنیابوون لەوەی ماف و بیرو راو پێداویستیەکانی منداڵ لە ناکۆکی خێزانی و دانیشتنەکانی دادگایی لەبەرچاو دەگیرێت.
- هاندانی خوشگوزارەنی و سەلامەتی منداڵ
- ریزلێنان لە ئەرك و مافەکانی دایکایەتی و باوکایەتی و مافەکانی داپیر و باپیر و چاودێریکەرانی تر
- هاندانی هاوکاری لە نێوان ئەوانەی لە منداڵ بەرپرسیارن

کارەکانمان لەسەر بنەمای شارەزایی و لێکۆلینەوە ئەنجام دەدەین کە بە راهێنانێکی فراوان پشتگیری دەکرێت. لەم رێنماییە هەندێ ئاماژە دەبینیت بۆ ئەو لێکۆلینەوانەی یارمەتیمانی داوە بۆ پەرەپێدانی بیروبۆچوونەکانمان لەبارەی هەبوونی پەیوەندی.

## کارەکانمان لەگەڵ خێزان

**تۆ لەوانەیە پەیوەندیمان پێوە بکەیت لەرێگای:**

• **کاری پشتگیریکراو لەگەڵ خێزان:** وەکو خولەکانی ( ژیان و تەڵاق "Living with Divorce ") یان لەرێگای خزمەتگوزاریەکانی ناوبژیکردن یان خزمەتگوزاری راوێژکاری یان بنکەی پەیوەندی منالان یاخود رێکخراوەکانی تر کە لەگەڵ ئێمە کاردەکەن.

• **خزمەتگوزاری چارەسەرکردنی کێشە:** ئەم خزمەتگوزاریە دەستەبەرە بۆ زۆربەی خێزانەکان کە داواکاری پێشکەش بە دادگا دەکەن. چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکان یارمەتی منالان و دایکان و باوکان و چاودێریکەران دەدات بۆ ئەوەی پێك بێن لەسەر رێکخستنەکاریەکانی پەیوەندی. لەوانەیە ژمارەیەك کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێك لە کارمەندەکانمان بکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە دانانی نەخشەیەك بۆ منالەکانت. کارمەندەکە دەتوانێت ئامۆژگاریت بکات لەبارەی پێداویستیەکانی منالەکانت و مەسەلەکانی سەلامەتی. لەوانەشە داوات لێ بکات کە منالەکانت ببینێت یاخود پێشنیاری کۆبوونەوەی خێزانەکە بکات تاوەکو بیرو راکانی منالەکانت ببیسترێ و لەبەرچاو بگیرێت.
رێکخستنەکاریەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان جیاوازە تا لەگەڵ بارودۆخی ناوچەیی بگونجێت. تارادەی 75٪ی کێشەکان بەم شێوەیە چارەسەر دەکرێت یاخود رێکەوتنێك دێتەدی.
ئەم رێکەوتنە یاخود پلانی دایکایەتی و باوکایەتی کردن دەکرێ نەرم و خۆرایی بێت یاخود دەتوانرێت وەکو بنەمایەك بۆ فەرمانی دادگا بەکاربهێنرێت. هەمیشە زۆر باشترە کەوا گیروگرفت و کێشەکان لەرێگای چارەسەرکردنی ناکۆکی تاوتوێ بکرێن نەوەك لەرێگای ئیجرائاتەکانی دادگایی بەردەوام و گران و پر لە ئێش و ئازار.

• **کاری زیاتر:** ئەگەر دادگا داوای راپۆرتی لە خزمەتگوزاری پشتگیری و راوێژکاری دادگای خێزان و منالَ (CAFCASS)کرد یاخود داوای ئەنجامدانی کاری زیاتری کرد لەگەڵ خێزانەکەت، ئەو کاتە یەکێك لە کارمەندەکانمان پەیوەندیت پێ دەکات بۆ رێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆ و منالەکانت. ئەرکی بریتیە لە ئەنجامدانی لێکۆلینەوە و باسکردنی ئەو شتانەیە لەگەڵ ئەندامانی خێزان کە سوودی بۆ منالَ زیاترە. ئینجا ئامۆژگاری کردنی دادگا لەمەر نەخشەیەکی گونجاوی دایکایەتی و باوکایەتی کردن. وە ئەگەر پێویستی کرد دادگا دانیشتنێك رێك دەخات، پاش بیستنی بیرو رای هەمووان و پرسیار کردن، دادوەر یان دادوەری دادگای سەرەتایی فەرمانێك دەردەکات. ئەگەر گیروگرفتی رێکخستنی ئەو پەیوەندیەی کە باشە بۆ منالەکە هەر بەردەوام بوو، ئەوا لەوانەیە پشتگیری و ئامۆژگاری زیاتر پێشکەش بکرێت لەرێگای فەرمانی یارمەتیدانی خێزان ( Family Assistance Order).

ئەو کەسانەی زانیاری زیاتریان دەوێت لەبارەی نامیلکە چاپکراوەکانمان بۆ گەورەسالان و لاوان و منالان، لێکۆلینەوەی پەرەسەندنی کێشەکان و ئاسانکاری ناردنی پرسیار لەرێگای ئیمێل، ئەوا دەتوانن سەردانی مالپەرەکەمان بکەن: **www.cafcass.gov.uk**، سەرچاوەکانی تری زانیاری و پشتگیری لە پشتەوەی ئەم رێنماییە دەبینرێت.

## ئایا بەراستی منداڵ دایک و باوکی دەوێت؟

خزمەتگوزاری پشتگیری و دادگای راوێژکاری خێزان و منداڵان(CAFCASS) باوەری وایە منداڵ ژیانێکی بەختەوەر و سەرکەوتووانەی دەبێت ئەگەر دوای جیابوونەوەی خێزان دایك و باوك و ئەندامانی بنەماڵەکەی لە خۆش ویستن و چاودێریان بەردەوام بن.

منداڵان پێویستیان بەم چاودێریە بەردەوامە هەیە و شیاوی ئەوەشن، مەگەر هۆی گرنگ هەبێ بۆ نەمانی پەیوەندیەکە یان سنوردارکردنی بەشێوەیەك.

" ڕێزگرتن لە مافی مناڵ کە لە دایك یان باوك یاخود دایك و باوکی جیابووەتەوە بە پاراستنی پەیوەندی شەخسی و ڕاستەوخۆی لەگەڵ دایك و باوك بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، تەنها لەحالەتێکدا کە ئەمە پێچەوانەی بەرژەوەندی منالەکە بوو".

کاتێك منالآن بیروڕای خۆیان دەردەبرن بەبێ هەبوونی فشار، زۆربەیان نایانەوێت پەیوەندیان لەگەڵ دایك یان باوك یان هەر کەسێك کە بەلایەنەوە گرنگە بپچرێت . منالآن مافی ئەوەیان هەیە کە ژیانی خێزانیان بپارێزرێت، دەبێ دادگا هۆیەکی زۆر باشی هەبێت بۆ لابردنی ئەم مافە.. ئەم مافەش دیاریکراوە لە *ماددەی 9 ی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منال سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان: (سەیری دەستەواژەی وەرگیراو بکە لەسەرەوە)*

پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ دایك و باوك و خەلکانی تر گرنگە بۆ منال بۆ:

- جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی دەروونی و سۆزی
- پەرەپێدانی لەش ساغی و بروا بەخۆوون و را لەخۆبوونی خۆی
- یارمەتی دان لە بەشدارکردن و تێگەیشتن لە پێشینەی رەگەزی و کەلتوریو جینی و تەندروستی.
- یارمەتی دان لە راستکردنەوەی تێروانینی شێواو لەبارەی پەیوەندیەکانی خێزانی
- دلنیابوون کەوا ئاسوودە و سەلامەتە
- ئازاد بێت لەپاراستنی پەیوەندی گرنگ و خۆشی لێ ببینیت.

دلنیابە لەوەی منال باشترین سوود لە پەیوەندیەکانی دەبینێ ئەویش بە:

- دانانی پێداویستیەکانی منال لەپێش هەموو شتێکەوە
- نەخشە دانان بۆ پێداویستیە جیاجیاکانی هەر منالێك
- ئاگادارکردنەوەو گوێ راگرتن بە ووردی لە منال
- پاراستنی سەلامەتی منال و هەست کردن بە سەلامەتی
- هەولدان بۆ تەبایی و هاوکاری
- ڕێگەدان بە بیروڕای جیاواز لەبارەی دایکایەتی و باوکایەتی کردن
- بیر فراوانی لە ڕێکخستنەکاریەکانی پەیوەندی
- دوانەخستنی ڕێکخستنی پەیوەندی
- دلنیابوون لەوەی منال دەزانێ چاوەڕێی چی بکات و تووشی گۆرانکاری لە ناکاو نەبێت مەگەر ئەمە شتێکی حەتمی بێت.

## ئایا دایك گرنگترە یان باوك؟

ئەوەی کە گرنگە جۆری ئەو پەیوەندیەیە کە منالەکە هەیەتی لەگەڵ دایك و باوکی، نەك ئایا ئەم لایەنە دایکە یان باوکە. هەبوونی پەیوەندیەکی باش لەنێوان منالٚ و دایك و باوکی سوودی بۆ منالٚ زیاترە.

دایك و باوك گرنگیەکی یەکسانیان هەیە لای منالٚ بەلام ، هەروەك خەلکانی گەورەسالٚ، هەندێ جار هەست دەکەن لە یەکێکیانەوە نزیکترین. ئەم لایەنگریە بەپێی تەمەن و بارودۆخ دەگۆرێت.

شتێکی ئاسانە کەوا ناکۆکی نێوان دایکان و باوکان وا ببینرێت کەوا لایەك دەباتەوە و ئەوی تریان ئەدۆڕێنێ. هەروەها لەوانەیە ئەو شتانەی لە رۆژنامە یان تەلەفزیۆن یان گروپەکانی نارەزایی دەووترێت کاریکاتە سەر شێوەی بیرکردنەوەی خەلك لە جیابوونەوەی خێزانی. ئەم بیرو رایانە بەگشتیکردنەوەیە و هەمیشە هاوسەنگی تیا نیە.

هەندێ لە باوکان باوەریان وایە کەوا کارمەندانی دادگاو خزمەتگوزاری پشتگیری و راوێژکاری دادگای خێزان و منالْ (CAFCASS)بێ لایەن نین و لایەنی دایکان دەگرن. هەندێ لە دایکانیش هەر بەهەمان شێوە باوەریان وایە دادگا و کارمەندان لایەنی باوکان دەگرن. هەروەها دایکان و باوکان دەتوانن وابیر بکەنەوە کەوا کارمەندانی خزمەتگوزاری پشتگیری (CAFCASS)بەهەمان شێوە مامەلە لەگەلْ هەر پەیوەندیەك دەکات، لەجیاتی هەلسەنگاندنی پێداویستی و بارودۆخی هەر منالێك[2].

ئێمە هەمووومان جیاوازین، هەر ئەندامێکی خێزان لەوانەیە بەشێوەیەکی جیاواز چاودێری کردن پیشان بدات. شێوازی دایکایەتی کردن و باوکایەتی کردن جیاوازی هەیە لەنێوان دایك و باوك. منالأن سوود لە گشت ئەم جیاوازیانە وەردەگرن. کارمەندان ماوەیەکە دانیان بەوە ناوە کە گرنگی دایك و باوك یەکسانە لە دایکایەتی کردن و باوکایەتی کردن[3]. دوا لێکۆلینەوەکان ئەوەیان پیشانداوە کەوا کاتێك دایك و باوك بەهەمان شێوە وریای گریانی منالی ساوایان دەبنەوە و هەر بەهەمان شێوە هەردووکیان کاریگەرانە پێداویستیەکانی منالە ساواکەیان بەجێ دەهێنن[4].

بەشێوەیەکی گشتی ئێستاکە هوشیاریەکی گشتی زیاتر هەیە لەبارەی گرنگی باوکایەتی کردن و زۆر لە باوکان ئێستاکە رۆلێکی زیاتر دەبینن لە ژیانی منالەکانیان وەك لەوەی لە رابردوو. ئەمە شتێکی باش و دروستە بۆ منالأن و خێزانەکانیان.

---

[2] A Buchanan, J Hunt, H Bretherton and V Bream : “Families in Conflict, Perspectives of Children on the Family Court Welfare Service”. (2001), Nuffield Foundation, Policy Press

[3] Professor Michael Rutter: “Maternal Deprivation Reassessed” (1972. Penguin Education

[4] C Lewis and J Warin: “What Good are Dads?” (2001), Fathers Direct, NFPI, “Working with Men”, Newpin

## چەند زۆر پەیوەندی و بینین پێویستە؟

پەیوەندیکردن و بینین تەنها ئەوە نیە کە کات بەش بکرێت لەنێوان دایکان و باوکان و ئەندامانی خێزان. ئێمە باوەرمان وایە باشترە کەوا بیر لە پەیوەندی بکەینەوە کە "کاتێکە بۆ منالآن" و جەختیش لەسەر جۆری ئەو کاتە بکەینەوە. دەبێ خالی گرنگ ئەوە بێ کە بە باشترین شێوە پێداویستیەکانی منالەکانت جێبەجێ بکەیت بۆدلنیابوون لەوەی بەشێوەیەکی گونجاو دایکایەتی و باوکایەتی دەکرێن و بەسەربردنی کات لەگەڵ ئێوە بەلای ئەوانەوە بە نرخە.

ئەمە شتێکی زۆر گرنگە و بەبێ ئەم جەخت کردنە لەوانەیە پەیوەندی و بینین سوودێکی کەمی بۆ منالەکەت هەبێت.[5]

[5] J Hunt and C Roberts: “Child contact with non-resident parents”, Family Policy Briefings 3 (2004). Department of Social Policy and Social Work, University of Oxford

دلنیایی کردن لەوەی بەسەربردنی کات لەگەڵ منالەکەت شتێکی بایەخدارە و جۆرێکی باشە مانای ئەوە نیە کە دەبێ دایك یان باوك یان چاودێری کەر ببێت بە سوپەر مان یان سوپەر ومان. لێکۆڵەوەرەکان و منالان خۆیان پێمان دەڵێن کەوا هۆکاری "جۆری کات" لەبارەی ئەوەیە کە منال چاودێریەکی گەرم و باش و بەدەسەلات بکرێت کە پەیوەندی گرنگ بپارێزێ بنیات بنێت لەگەڵ دایك و باوکی و چاودێری کەری[6]. منالان دەتوانن باشتر پێمان دەلێن ئەم "جۆرە" مانای چیە و چ شتێکیان پێ بایەخدارە.

راپرسینی 2000 منال لە نێوان تەمەنی 6 سالی تا 11 سالی لەبارەی پەیوەندیان لەگەڵ باوکیان وا دەردەخات[7] کە بە رای وان پەیوەندی باش:

کاتێك باوکیان گرنگی دەدات بە کاروباری خوێندنیان

- ئامادەکردنی ژەم
- سەیرکردنی تەلەفزیۆن بەیەکەوە
- یاری تۆپی پێیان لەگەڵ بکەن
- خوێندنەوەی چیرۆك
- چوونە بازار بە یەکەوە
- یارمەتیان بدەن کاتێك کە گیروگرفتیان هەیە

منالێك ئەمەی بە "کاتی تێکەڵ و پێکەڵ کردن" دانا، یەکێکی تر ووتی "باوکی خۆشی دەوێت". مانای پەیوەندی و بینین بەلای منالان ئەوە نیە کە گەمەی گران بەها و پاسکیل و کۆمپیوتەر و پشوو بێت، بەلکو مانای ئەوەیە کە پەیوەندیان لەگەڵ باوکیان هەیە و "چاودێری دەکرێن" لەلایەن دایك و باوکیان. منال ئەم شتانەی پێویستە و دەوێت، ئەمە مانای جۆرێکی باشی پەیوەندیە.

لێرە پەیامێکی توند هەیە لەبارەی یەکسانی. ئەگەر تۆ ئەزموونێکی بە ئێش و ئازارت بینیوە بەهۆی جیابوونەوەی خێزان، ئەوا شتێکی زۆر زەحمەتە کە هاوکاری لەگەڵ دایك یان باوکە یان چاودێریکەر بکەیت و ریز لە رۆلی چاودێری کردنیان بگریت. بۆ ئەوەی پەیوەندی و بینین بەراستی سەرکەوتوو بێت ئەوا هاوکاری باوك یان دایك بەراستی پێویستە، هەروەها دەبێ منالەکانت هان بدەیت کە هەست بە رەحەتی بکەن لەبارەی خۆش ویستن و رێزلێگرتنی دایك یان باوك و ئەندامانی خێزانەکەی. هەتا ئەگەر دادگا فەرمانی خۆی دەرکرد، ناتوانێ بە شێوەیەکی سەرکەووتوانە کار بکات ئەگەر هەندێ هاوکاریکردن و ریزلێنان لەنێوان گەورەسالاندا نەبێت.

---

[6] سەیری باسکردن بکە لە کتێبی See discussion on attachment in: J B Kelly and M Lamb "Using Child Development Research to make appropriate Custody and Access Decisions for Young Children", Family and Conciliation Courts Review (Vol 38 No 3, July 2000 pp 297-311) Sage Publications Inc, USA

[7] Fathers Direct, DIES & Children in Wales, "Day With Dad", FatherWork (Vol3 No 1, Summer 2004)

## دانانی پلانێك كە بۆ منالەكانت بگونجێت

خێزان جیاوازن هەروەها منالیش. دانانی پلان بۆ منالّ پێویستە بریاری لەسەر بدرێت دوای بیركردنەوەیەكی وورد لەبارەی پێداویستیەكانی منالەكەت و بارودۆخی خێزانەكەت.

هەندێ لەو خالانەی كە دەبێ رەچاو بكرێت ئەمانەن:

• بیر لەوە بكەرەوە كە چۆن كات بۆ منالّ رێك دەخەیت بۆ ئەوەی پەیوەندیەكانی بپارێزێت. هەروەها بیر لەوەش بكەرەوە كە چۆن دلنیا دەبیت لەوەی باشترین جۆری دایكایەتی و باوكایەتی كردن و چاودێری كردن لەهەردووكتان و لە ئەندامانی سەرەكی خێزانەكە وەردەگرێت لە داهاتوودا. ئەمەش مانای بیر كردنەوەیە لە شەو مانەوە و مەسرەفی پشوویان و چوونە دەرەوە لەگەلّ هەر یەك لە دایك یان باوك.

• منالانی خوار تەمەن 3 سالی لەوانەیە مانەوەی پەیوەندیان زەحمەت تر بێت لە منالانی گەورەتر، بۆیە دەبێ زۆر ئاگادار بیت و هەستیار بیت لەكاتی رێكخستنی ئەم شتانە بۆ منالانی تەمەن بچووك تر.

• سروشتی پەیوەندی ئێستاكەی منالەكە لەگەلّ هەر یەك لە دایك یان باوك یان چاودێری كەر و پەرەپێدانی لە داهاتوودا دەبێ لەبەرچاو بگیرێت. لەوانەیە تۆ بەشداریەكی كەمتر هەبێ لەوەی كە دەتویست لە رابردوو بەهۆی ژیان وكار. لەوانەیە تۆ نیگەران بیت لەبارەی پەیوەندیەكەت و پێویستت بە یارمەتی هەبێ. لەوانەشە هیچ لەگەلّ دایك یان باوكەكە نەژیابیت، بۆیە پەیوەندی و بینین لەبارەی ئەوەیە كە پەیوەندیەك لەگەلّ منالّ دروست بكەیت نەك پەیوەندی بپارێزیت.

• بیر لە رۆتین و چالاكیەكانی منالّ پێش جیابوونەوە بكە و هەولّ بدە تا دەتوانیت لەسەری بەردەوام بیت. ئەمە منالەكە دلنیا دەكاتەوە و هەست بەوە ناكات كە شتێكیان لەدەست چووە. ئەوەشت لەبیر بێت كەوا منالّ ئێستاكە سوودی زیاتر لە سەرنج و ئاگاداری دایك و باوك یان چاودێری كەری وەردەگرێت وەك لە رابردوو.

• دوای جیابوونەوە لەوانەیە تۆ لە نزیك ئەندامانی تری خێزانەكەت نەژیت و لەوانەشە شوێنەكەت بۆ مانەوەی شەو نەگونجێت. رێگاكانی هاتوچۆت و مەسرەفی هاتووچۆ هۆكاری گەورەن لە بریاردانی ئەوەی چ جۆرە پەیوەندیەك دەكرێ هەبێ.كردنی پەیوەندی و بیر لە چۆنیەتی دانی تێچووەكان لەلایەن خێزان بەشێكە لە دایكایەتی و باوكایەتی كردن.

• دەبێ پلانی دایكایەتی و باوكایەتی كردن بۆ بەرژەوەندی منالەكەت بێ و بۆ بەشكردنی كات بۆ دایك یان باوك نەبێ. ئەگەر تۆ جەخت نەكەیتە سەر پێداویستیەكانی منالّ وا هەست دەكات كە بووە بە روزمەیەك لە ناونیشانێكەوە دەچێتە ناونیشانێكی تر.

•دەبێ هیواو ئارەزووی منالەکانت لەبەر چاو بگریت. منالی بە تەمەن گەورەتر دەیانەوێ پەیوەندیان لەگەڵ برادەرەکانیان بمێنێت و بەرژەوەندی تری گرنگیان هەیە. بۆیە دەیانەوێ پلانی دایکایەتی و باوکایەتی کردن رێگا بە چالاکیەکانی کۆمەلایەتیان بدات.

• رێژەی پێگەیین و گەورەبوونی منالّ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بۆیە چاوەرێی ئەوە مەکە منالی تۆ هەمان ئەو رێکخستنانەی بۆ منالی تری هەمان تەمەن دانراوە جێبەجێ بکات. هەندێ منالّ باوەریان بەخۆ هەیە و سەربەخۆن، هەندێ منالی تر شەرمن و بەخەلك دەنوسێن. لەوانەیە منالی بچووك دلنیاکردنەوەی زیاتریان دەوێت بۆ ئەوەی بتوانن لەو شوێنە دووربن کە بە مالی دائەنێن بەبێ ئەوەی بێزار بن. منالی بچووکتر پەیوەندی زوو زوو و ماوە کورتی پێباشترە، بەلام منالی گەورەتر لەوانەیە پەیوەندی کەمترو ماوە درێژی پێباشت بێت.

• نەرم نیان بە و پلانەکانی دایکایەتی و باوکایەتی کردن بەدرێژایی کات تازە بکەرەوە. هەر کە منالّ گەورەتر دەبێ پێداویستی و بارودۆخی دەگۆرێت، تۆش هەروەها.

• ئەگەر هەر جۆرە کارێکی توندوتیژی و خراپ بەکارهێنانی ئەلکحول و دەرمانە بێهۆش کەرەوەکان هەبوو یان نەخۆشی دەروونی لەناو خێزانەکە هەبوو، دەبێ پلانی دایکایەتی و باوکایەتی کردن ئەمە لەبەر چاوبگرێت بۆ دلنیابوون لە سەلامەتی منالەکانت. بۆ ئەوەی منالان سوود لە پەیوەندی ببینن دەبێ سەلامەت بن و هەست بە سەلامەتیش بکەن. هەندێ جار مەترسی ئازاردانی منالّ زیاترە لە سوودی پەیوەندیەکە، بۆیە باشترە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی نەبێت، یاخود هەبێت ئەگەر مەترسیەکە بۆ سەر منالّ و دایك یان باوك کەمترین رادەی هەبوو.

دوای جیابوونەوە ٪90 ی خێزان بریار لەسەر رێکخستنی پەیوەندی دەدات بەبێ بەشدارکردنی دادگا، بریاردان لەسەر پلانی دایکایەتی و باوکایەتی بەم شێوەیە دەرفەتی سەرکەوتنی زیاتری هەیە بۆ هەمووان. ئەگەر ناتوانن بگەنە رێکەوتنێك واباشترە داوای یارمەتی پسپۆران بکەن. پێش چوونە دادگا دەبێ پێشتر بیر لە ناوبژی بکرێتەوە، ئەمەش خزمەتگوزاریەکی نهێنیە کە ناوبژی کەری پسپۆر یارمەتیت دەدات لە بریاردان (سەیری "ئامۆژگاری و یارمەتی" بکە لە لاپەرە 16). لەوانەیە نامیلکەی حکومەت لەبارەی پلانەکانی دایکایەتی کردن و باوکایەتی کردن سوودبەخش بێت (دەتوانیت نوسخەیەکی چاپکراو بدۆزیتەوە لە بەشی زانیاری سەر مالپەری

.w.cafcass.gov.uk

## ئایا هەبوونی پەیوەندی هەمیشە باشە بۆ منداڵ؟

هەبوونی پەیوەندیەکی باش وا دەکات منداڵ هەست بکات کەوا بایەخدارەو چاودێری دەکرێت لەلایەن خێزانەکەی، کە بەمەش ژیانێکی سەرکەوتوو خۆش بەسەر دەبات.

کاتێ جۆری پەیوەندیەکە خراپە یان مەترسی زیانی هەیە بۆ سەر منداڵ، ژیانی زۆر زەحمەت دەبێ و ناشاد دەبێ و ژیانی تێك دەچێت.

پاش جیابوونەوەی خێزان واباشترە بۆ منداڵ:

- ناکۆکی کەم هەبێ لەنێوان دایك و باوك، منداڵ خۆی فێر بێت چارەسەری ئەو ناکۆکیە بکات
- دایکایەتی و باوکایەتی کردنێکی گەرم و باش و بەدەسەڵات هەبێت لەلایەن هەردووکیانەوە یان چاودێریکەری
- هەر دایکێك یان باوکێك یارمەتی ئەوەی تریان بدات و رەخنە لەیەکتری نەگرن و هەرەشە لەیەکتری نەکەن لەبەردەم منداڵەکانیان
- دایك و باوك رای منداڵەکانیان وەرگرن لەبارەی رێکخستنەکاریەکان
- منداڵان پەیوەندی گرنگیان لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکە بپارێزن
- منداڵ لە بارێکی دارایی دلنیا بژیت

زۆر لە دایکان و باوکان جێبەجێکردنی ئەم مەرجانەیان پێ زەحمەتە دوای جیابوونەوە، بەڵام دەبێ ئامانجەکە ئەوە بێ بەدرێژایی کات بۆ بەرژەوەندی منداڵەکە کار بکرێت.

لە ٪10ی ئەو خێزانانەی دەچنە دادگا بەشێوەیەکی ئاسایی لەبەر ئەوەیە کە کێشەی بەردەوام و گەورەیان هەیە. ئاستی جۆری ژیانی خێزانیان کەمترە لەوەی کە پێویستە. منداڵان لەنیوەی ئەم خێزانانە ئەو دایك یان باوکە نابینن کە لەگەڵی ناژین. نیوەی خێزانەکان باسی بێزاری و نیگەرانیەکی زۆری دەروونی دەکەن. چارەسەرکردنی ناکۆکی یارمەتی زۆربەی ئەو خێزانانە دەدات.

هەر کە پەیوەندیە باشەکە کاری کرد ئەوا بەردەوام دەبێ، هەرچەندە هەندێ ئاگاداری پێویستە بۆ مانەوەو پاراستنی بەبێ تەنگ و چەڵەمە. بەڵام کە پەیوەندیەکە خراپ بوو هەمیشە کێشە دەنێتەوە بە تایبەتی بۆ منداڵ. ئێمە هەوڵ دەدەین دەرفەتی هەبوونی پەیوەندی باش چاکتر بکەین بۆ ئەوەی دەست پێ بکات و بەردەوام بێت.

## کاتێك پەیوەندیەکە سەرکەوتوو نەبوو

پاش چاوپیاخشاندنەوە بە چەند خێزانێك لێکۆڵەوەرەکان ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەیان دەستنیشان کردووە کە ناهێڵێت پەیوەندی کار بکات[8]:

- رێکخستنەکاریەکان مەترسیەکی بەردەوامی زیانی جەستەیی و دەروونیان هەیە بۆ سەر منداڵەکە و/ یان سەر خەڵکی تر

[8] L Trinder, M Beek, J Connolly (2002) “Making Contact: How parents and children negotiate and experience contact after divorce” (2002), Joseph Rowntree Foundation

- هەموو ئەندامانی خێزانەکە هەوڵی سەرکەوتنی پەیوەندیەکە نادات
- بەلای کەمی یەك ئەندامی خێزان هەوڵی گۆرانکاری گەورە دەدات لەو رێکخستنەکاریانەی کە هەیە، بۆیە لەوانەیە پەیوەندیەکە باش نەبێت و بکەوێتە ناکۆکیەوە بۆ هەندێك یان گشت ئەوانەی بەشداریان کردووە.

کاتێك پەیوەندی کارناکات، منالّ زەرەرمەند دەبێ، ئەمە هەندێ پەیامی گرنگ دەگەینێ:

## بەرهەلستیەکی ناماقووڵانە بۆ هەبوونی پەیوەندی

منالّ زەرەرمەند دەبێ کاتێ دایك یان باوك بە توندی بەرهەڵستی پەیوەندی دەکات بەبێ هەبوونی هۆیەکی باش (پسپۆران پێی دەڵێن "ناحەزی قینەدار"). لەم حالەتەدا لەوانەیە وا باشتر بێت کە رێکخستنەکاریەکانی ژیانی منالّ بگۆردرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنەکەی تردا بژیت.

## ناکۆکی نێوان دایك و باوك

شتێکی ئاساییە کەوا توورە بیت و هەست بە ئازار بکەیت کاتێ بە ئەزموونی جیابوونەوەی خێزانی تێدەپەریت. توورەبوون یارمەتی خەلك دەدات بەرەنگاری ئەو بێزاری و نیگەرانیە ببنەوە کە بەهۆی جیابوونەوەی خێزانی دروست بووە تاوەکو دەگاتە خالێك کە بتوانن بەشێوەیەکی باشتر چارەسەری بکەن، هەر بۆیە توورەبوون شتێکی دروستە. ئەوەشت لەبیر بێ کەوا کاتێ منالٚ شەر و دەمەقالی دەبینێ یاخود ئەگەر هەولی شاردنەوەیان بدەیت، دەزانێ دایك یان باوك چۆن هەست دەکات، بەمەش ناکام دەبن و ناهێلی ئەو پەیوەندیەی کە خۆشی لێ وەردەگرێت هەبێ. ئەگەر توورەبوون لەبەر دەم منالٚ هەر بەردەوام بوو وە منالیش تیای بەشدارکرا ئەوە زیانی زۆری پێ دەگەیەنێ و بێزاری دەکات و دەبێتە هۆی زیانێکی دەروونی گەورە بۆ منالٚ.

"پەیامی بەردەوامی لێکۆلینەوەکان ئەوەیە کەوا کاریگەری ناکۆکی نێوان دایك و باوك بەشێوەیەکی بەردەوام و لەسەر منالٚ زیاترە لە کاریگەری جیابوونەوە[9]".

## هەر کردەوەیەکی خراپ

رێژەیەکی زۆر بەرزی منالاٚن لەوانەیە بکەونە مەترسی  دەست درێژی سێکسی، ئازاری جەستەیی یان دەروونی لەلایەن ئەندامێکی خێزانەکەیان. چاوپێکەوتنەکانی لێکۆلینەوە لەگەلٚ ئەو دایك و باوکانەی کە جیا بوونەتەوە و منالەکانیان کە راپۆرتی ئاسایشی کۆمەلاٚیەتیان ئامادەکراوە  وا دەردەخات لە ٪78ی کەیسەکان دایك یان باوك یان هەردووکیان ترسیان راگەیاندووە و ٪56 یان توندوتیژی جەستەییان راگەیاندووە[10]. لێکۆلینەوەیەکی راپۆرتەکانی ئاسایشی کۆمەلاٚیەتی لەلایەن کۆمەلەی نیشتمانیی فەرمانبەرانی چاودێری هەمان دەرئەنجامی دەرخستووە[11].

هەر کردەوەیەکی خراپی ناو خێزان زیان بە منالٚ دەگەیەنێ. لێکۆلینەوەیەکی سالی 1994 ئاکامەکانی مەودای کورت لەسەر ئەو منالاٚنەی کاری توندوتیژی دەبینن بەم شێوەیە لیستە کردووە: منالٚ دەترسێ و گۆشەگیر و نیگەران و دژوارو و سەر لێ شێواو دەبێ و خەوتنی پچراوو زەحمەت دەبێ و گیروگرفتی خوێندنی دەبێ هەروەها گیروگرفتی برادەرایەتی کردنی دەبێ. بەشێوەیەکی درێژخایەن لاوان یادگاری گەشیان دەبێ لەبارەی توندوتیژیەکە کە دەبێتە هۆی باوەربەخۆ نەبوون و کەمی شارەزایی کۆمەلاٚیەتی و کەمی رالەخۆبوون و رەفتاری توندو تییژ و دلتەنگیی و ئازاردانی لەلایەن خەلکەوە[12]. بۆ داننان بەمەش پێناسەی ئازار بەپێی یاسای منالی سالی 1989 دەلێت:

---

[9] C Lucey, C Sturge, L Fellow-Smith, P Reder: “What contact arrangements are best for a child?” from “Studies in the Assessment of Parenting” (2003) ed.: P Reder, S Duncan, C Lucey, Brunner-Routledge

[10] A Buchanan, J Hunt, Bretherton H and Bream V (2001) “Families in Conflict, Perspectives of Children on the Family Court Welfare Service”, Nuffield Foundation, Policy Press

[11] NAPO (2002) “Contact, Separation and the Work of Family Court Staff”, a briefing from NAPO the Trade Union and Professional Association for Family Court and Probation Staff

[12] NCH Action for Children “The Hidden Victims: Children and Domestic Violence” (1994). London

" زیان پێگەیشتن بەهۆی دیتنی یان بیستنی خراپ مامەلە کردنی کەسێك[13]"

ئەگەر کاری توندوتییژی یان کردەوەی خراپ لەناو خێزانەکە هەبوو ئەوا مانای ئەوە نیە کە نابێ منالەکە یەکسەر هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ئەو کەسە نەمێنێت کە توندوتیژە یان هەلسوکەوتی خراپە، بەڵام مانای ئەوەیە کەوا دەبێ هەلسەنگاندنێکی پسپۆرانە هەبێت بۆ ئەو مەترسیەی هەیە. ئەگەر مانەوەی پەیوەندی لە بەرژەوەندی منالەکەدا بوو، ئەوا پلانی دایکایەتی و باوکایەتی کردن دەبێ ئەو ڕێگایانەی بگرێتە خۆی بۆ ڕاگرتن و هەلسوراندنی مەترسیەکە بۆ ئەوەی منالەکە سەلامەت بێ.

## بنکەکانی پەیوەندی مناڵ

بنکەکانی پەیوەندی مناڵ دەتوانێت یارمەتی پێشکەش بکات کاتێ دەبێ سەلامەتی لەبەرچاوبگیرێت یاخود بۆ ئەوەی یارمەتی بدرێت کە متمانە و بڕواپێکردن گەشە بکات لەنێوان دایك و باوك و چاودێری کەر. هەروەها دەتوانێ یارمەتی پێشکەش بکات کاتێك خێزان پێویستی بە کات هەیە بۆ ڕێك کەوتن لەسەر پلانێکی تر یاخود کە پەیوەندیەکان پێویستیان بەهەندێ کات و پشتگیری هەیە تاوەکو پەرەبسێنێ. بنکەکان زۆرجار بۆ ماوەیەکی کورت بەکاردەهێنرێن. ئەمانەش دوو جۆریان هەیە: بنکەی "پشتگیری کردن" بۆ بەکارهێنانیان لە کاتی نەبوونی مەترسی ئازار یان مەترسیەکی کەم بۆ سەر مناڵ، ئەوی تریان بنکەی "سەرپەرشتی کراوەیە" بۆ ئەو پەیوەندیانەیە کە لەوانەیە مەترسی زیاتریان هەبێ. بنکە سەرپەرشتیکراوەکان کارکەری کۆمەڵایەتی لێهاتوویان هەیە و سەردانەکان بەشێوەیەکی تاکانە سەرپەرشتی دەکرێن.

فەرمانبەرانی بنکەکان تێگەیشتنێکی باشیان بۆ مەسەلەکە هەیەو یارمەتی دەرن، بەڵام ئەگەر تۆ بنکەی پەیوەندی مناڵ بەکاردەهێنیت ئەوا دلنیابە لەوەی ئایا خزمەتگوزاری پشتگیری کردن یان سەرپەرشتی کردن پێشکەش دەکات و ئایا منالەکەت ئەو ئاستەی خزمەتگوزاریە وەردەگرێت کە پێویستیەتی. ئەگەر بکرێ پێش دەستپێکردنی پەیوەندی سەردانی بنکەکە بکە.

هەر کە بکرێ پەیوەندی و بینین باشترە ئەگەر لەنێو خێزانەکەدا بکرێت. بنکەی پەیوەندی مناڵ تەنها بۆ ماوەیەکی کورت دەستەبەرە و هەندێ جار ناهەمواری هەیە لە بەکارهێنانیان. بەکارهێنانی بنکەکە بەشێوەیەکی نالەبار باش نیە بۆ مناڵان.

---

13 بەشی 120ی یاسای مناڵ و بەخێوکردن

## چی بە منداڵ بڵێم

شتێکی گرنگە کەوا لەگەڵ منداڵەکانت باسی ئەو پلانانە بکەیت کە بیری لێدەکەیتەوە. منداڵان حەزدەکەن رایان وەربگیرێت و بەشدار بکرێن لە بریاردان لەبارەی رێکخستنەکاریەکانی خێزان کە کاردەکاتە سەر ژیانیان، بەبێ ئەوەی هەست بکەن بەرپرسیارن لە بریارەکانی گەورەساڵ. ئەوەشت لەبیر نەچێ کەوا منداڵ زەحمەتە بڵێت چی دەوێت چوونکە لەوانەیە نەیەوێت نەدڵی دایک نە باوك بشکێنێ. گرنگە کەوا گوێی لێ بگریت و هەروەها قسەی لەگەڵ بکەیت.

"لەوانەیە زۆر شت هەبێ لەبارەی تەلاقەوە کە لە منال بیزانین ئەگەر ئەو گریمانەیەمان دواخست کە دەلـێ منال کەلوپەلێکی تێک چووە و پێویستی بە پاراستن هەیە[14]".

لەوانەیە منالەکانت زەحمەتی ببینن لە دەربرینی بیرو راو هەستیان، وەپێویستیان بە چاودێری کردن و نزیك بوونەوەیەکی هەستیارانە هەیە. ئەگەر ویستیان رای خۆیان بلێن دەبێ ئازادیان پێ بدەیت کە قسە بکەن و بە ووردی گوێیان لـێ بگریت و وەلامی پرسیارەکانیان بدەیتەوە. شتەکە لەبارەی ئەوە نیە کە چی بە منال بلێیت بەلام لەبارەی ئەوەیە کە گوێیان لـێبگریت.

هەندێ هەلە کەیە کە دەبێ لـێی دوورکەوێتەوە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ منال. کاتێ رەخنە لە دایك یان باوك دەگرن وا گریمانە دەکرێ کە لایەنەکەی تر بە شێوەیەکی نێگەتیڤ کاری کردۆتە سەری، ئەمەش لەوانەیە راست نەبێ.
هەروەها دەبێ ئاگادار بیت کەوا بیرو رای منال نەشێوێنی بەوەی بیروړای خۆتی تێبکەیت یاخود زیاتر لەرادەی خۆی منال بپارێزیت. هەمیشە هەوڵ بدە و ماوە بدە بە ئاستی گەورەبوون و تێگەیشتنیان و بایەخیان پێبدە.

[14] L. Trinder, M Beek, J Connolly (2002) "Making Contact: How parents and children negotiate and experience contact after divoce" (2002), Josepth Rowntree Foundation

ئەم خاڵانەت لەبیر بێ:

- جیابوونەوەی خێزان مناڵ ڕاراو نیگەران دەکات
- کەمبوونەوەی گرنگی پێدان و چاودێری کردن لەلایەن دایك و باوك مناڵ بێزار دەکا
- مناڵ دەگەڕێتەوە بۆ دایك یان باوك یان چاودێریکەری کاتێ ڕووبەڕووی کێشەو گیروگرفتی ژیان دەبێتەوە. کاتێ کە خێزان جیادەبێتەوە، کێشەکانیان بەهۆی دایك و باوکیان دەبێ کە زۆر جار سەرقاڵن و بۆیان زەحمەتە لە پێداویستیی مناڵەکانیان تێ بگەن و بۆیان جێبەجێ بکەن.

- دایك و باوك ئازار دەبینن کە چی بە مناڵەکانیان بڵێن پێش جیابوونەوە و زۆر جاریش هیچیان پێ ناڵێن یاخود شتێکی زۆر کەم کە مناڵ دڵنیا ناکاتەوە.
- داهاتووی نادیار مناڵ نیگەران دەکات. ئاگادار کردنەوەیان لەو شتانەی کە لەوانەیە ڕووبدات و ڕاوێژکردنیان بەشێکی زۆر گرنگە لە ڕۆڵی چاودێری کردن و پشتگیریکردنی دایك و باوك.

لەوانەیە منالەکەت حەز بکات راستگۆ بیت لەگەلی و بە کراوەیی قسەی لەگەڵ بکەیت بەڵام با نەکەوێتە بەر کاریگەری دەمەقالی و ناکۆکی لەبارەی پەیوەندی. منالەکەت دلنیا بکەرەوە و شتەکانی بۆ روون بکەرەوە رای وەرگرە، بەڵام مەهێلە هەست بکات ئەو لە بریاردان بەرپرسیارە، چوونکە وانیە، خۆت بەرپرسیاریت.

وەکو کەسێکی گەنج مامەلە لەگەڵ منالەکەت بکە چوونکە بیروبۆچوونی خۆی هەیە. منال شارەزایەو دەزانێ چۆن هەست دەکەیت، هەرچەندە لەوانەیە شت بە شێوەیەکی جیاواز لە تۆ ببینێ. لەوانەیە چارەسەری هەبێت بۆ هەندێ لە گیروگرفتەکان کە دێنە بەردەم باوکایەتی و دایکایەتی کردن. دایك و باوك و خزمەتگوزاری پشتگیری و دادگای راوێژکاری خێزان و منال(CAFCASS) و کارمەندان و دادگا دەبێ بە تێگەیشتنەوە گوێ لە ئارەزوو و هەستەکانی منال بگرن.

کاتێ دادگا داوا لە کارمەندێکمان دەکات کە هەلسەنگاندنی پەیوەندی ئەنجام بدات یان لەگەڵ خێزانێك کار بکات، ئەوا کارمەندەکە منالی پەیوەندیدار دەبینیت. ئەگەر تەمەن و تێگەیشتنیان باش بێ ئەوا باسی پەیوەندیان لەگەڵ دەکرێت بەشێوەیەکی هەستیارانە، ئەگەر خۆیان ویستیان بیرو رایان وەردەگیرێت. ئینجا کارمەندەکە ئەم راو بۆچوونانە دەداتە دادگا و ئامۆژگاری و تێبینی گونجاوی لەسەر دەدا.

"یارمەتیم بدە بریار بدەم لەگەڵ کێ بژیم"
"زۆر سوپاس بۆ یارمەتی و میهرەبانیت. وابزانم ئەمە زۆر یارمەتی دایە و بابە دەدات"

بیرو بۆچوونی منال کە بۆ خزمەتگوزاری پشتگیری و دادگای راوێژکاری خێزان و منال (CAFCASS)دەری بریوە.

## ئامۆژگاری و یارمەتی

کار بۆ خێزانی زیندانی کراو "Action for Prisoners' Families"

ئەمە هانی یەکسانی مامەلەکردن لەگەڵ خێزانی زیندانی کراو دەدات. هێلی یارمەتی زانیاری و پشتگیری دەبەخشێت بەو خێزانانەی کە ئەندامێکیان زیندانی کراوە. ئامۆژگاری لەبارەی سەردانی کردن و پەیوەندی پێوە کردن و قسە کردن لەگەڵ منالّ و چۆنیەتی کارکردنی سیستەمی زیندان.

مالپەر: www.prisonersfamilies.org.uk

ژمارەی هێلی یارمەتی: 0808 8082003

هێلی تایبەت بە منالّ "ChildLine"

ئەمە هێلێکی تەلەفۆنی خۆراییە بۆ منالّ و لاوان لە بەریتانیا

مالپەر: www.childline.org.uk

هێلی یارمەتی: 0800 1111

خزمەتگوزاری پشتگیری و دادگای راوێژکاری خێزان و منالّ "Children and Family Court Advisory and Support Service (CAFCASS)"

رێکخراوێکی شەرعیە لە ئینگلتەرا کە ئاسایشی کۆمەلآیەتی منالّ دەپارێزێت لە کاتی بەرێوەچوونی رێو شوێنەکانی خێزان لە دادگا. مالپەرەکە زانیاری تیایە بۆ منالّ و لاوان و دایك و باوك لەگەڵ تەلەفۆنی ئۆفیسەکە.

مالپەر: www.cafcass.gov.uk

ژمارەی تەلەفۆن: 020 7510 7000

ئیمێل: webenquiries@cafcass.gov.uk

ئاژانسی یارمەتی منالّ "Child Support Agency (CSA)"

بەرپرسیارە لە هەلسەنگاندن و وەرگرتن و دانی پارەی نەفەقەی منالّ و پالپشتی کردن.

مالپەر: www.csa.gov.uk

ژمارەی تەلەفۆن: 08457 133 133

خێزان پێویستی بە باوکە "Families Need Fathers"

زانیاری و پشتگیری لەبارەی مەسەلەکانی تایبەت بە جیابوونەوەی خێزان. ئەمە تۆری خەلکانی خۆبەخت کەری هەیە و بەشێوەیەکی رێك و پێك کۆبوونەوەی یارمەتی ناوچەیی دەبەستێت.

مالپەر: www.fnf.org.uk

هێلی یارمەتی: 0870 7607 496

جینجەر برێد " Gingerbread"

ئەمە رێکخراوێکی پشتگیریکردنی سەرەکیە بۆ ئەو خێزانانەی تەنها لە دایك یان لە باوك پێکهاتووە لە ئینگلتەرە و وێلز.

مالپەر: www.gingerbread.org.uk

هێلی ئامۆژگاری: 0800 018 4318

فیدراسیۆنی داپیر و باپیر "Grandparents' Federation"

ئەمە لە جیاتی داپیر و باپیران کاردەکات کە بەهۆی تەلاقدان یان جیابوونەوە یان کێشەی تری خێزانی پەیوەندیان نەماوە و چاودێری نەوەکانیان دەکەن یاخود نیگەرانن لەبارەی چاودێری کردنی نەوەکانیان لەلایەن دەسەلاتی ناوچەییەوە

مالپەر: www.solicitorhelp.com/ grandparentefederation1.htm

هێلی ئامۆژگاری: 01279 444 964

دەستەی شارەزایانی منالانی سەر بە کۆمەلەی پارێزەران "The Law Society Children Panel"

ئەمە یارمەتی دەدات لە پەیوەندی کردن بە پارێزەر کە شارەزان لە نوێنەرایەتی کردنی منال و لاوان و لایەنەکانی تری خێزانی.

مالپەر: www.lawsociety.org.uk

هێلی تەلەفۆن: 0870 606 6575

NCH

ئەمە خزمەتگوزاری بۆ منال دابین دەکات و زیاتر لە 500 پرۆژە و زانیاری و ئامۆژگاری هەیە لەبارەی کۆمەلێ مەسەلە، ئەمەش لە مالپەرەکەیان دەست دەکەوێ. هەروەها مالپەری (هەلەی تۆ نیە "It's not your fault") کە بۆ ئەو دایك و باوکانەیە کە لە پرۆسەی جیابوونەوەن.

مالپەر: www.nch.org.uk

مالپەری هەلەی تۆ نیە " It's not your fault" www.itsnotyourfault.org

کۆمەلەی نیشتمانی بۆ پاراستنی منال لە توندی و دلرەقی "National Society for the Prevention of Cruelty to Children (NSPCC)"

ئەمە رێکخراوێکی خێرخوازانەی پێشرەوە کە تایبەتە بە پاراستنی منال و نەهێشتنی بێبەزەیی و دلرەقی دژ بە منال. هێلی یارمەتی زانیاری و ئامۆژگاری و راوێژکاری دەدات بەو کەسانەی نیگەرانن لەبارەی سەلامەتی منال.

مالپەر: www.nspcc.org.uk

هێلی پاراستنی منداڵ:  0808 800 5000

خێزانی پێکهاتوو له دایك یان باوك " One Parent Families"

زانیاری بۆ دایك یان باوکی به تەنیا لەبارەی بێنێفیت و باج و مافی یاسایی و یاسای خێزانی و مەسەلەکانی پەیوەندی و بینین و ئاژانسی پشتگیری منداڵ "CSA "

ماڵپەر:  www.oneparentfamilies.org.uk

هێلی یارمەتی:  0800 018 5026

هێلی دایك و باوك پلەس "Parentline Plus"

یارمەتی و زانیاری بۆ دایك و باوك و خێزان لەرێگای کۆمەڵێ خزمەتگوزاری

ماڵپەر:  www.parentlineplus.org.uk

هێلی یارمەتی:  0808 800 22 22

ریلەیت " Relate"

ئامۆژگاری و لێکۆلینەوە و ناوبژی و راوێژکاری لەبارەی گەرانەوەی پەیوەندی و یارمەتی رووبەروو و راوێژکاری بە تەلەفۆن و لەسەر ماڵپەر پێش کەش دەکات

هێلی کات دیاریکردن: 16 40 30 1 0845

ماڵپەر:  www.relate.org.uk

یەکگرتنەوە "reunite"

ئامۆژگاری و پشتگیری و زانیاری پێشکەش دەکات بۆ دایك و باوك و ئەو خێزانانەی منالەکانیان رفێنراوە یان لە رفاندن دەترسن.

ماڵپەر:  www.reunite.org

هێلی ئامۆژگاری:  234 2556 0116

یارمەتی ئافرەت "Women's Aid"

هەوڵ و تەقەلا دەدات لەپێناو پاراستنی ئافرەت و منالی ئازار دراو. هەروەها پشتگیری ئەو ئافرەتانە دەکات کە دووچاری دەستدرێژی سێکسی و جەستەیی بوونە  لە مالەوە و سۆز و هەستیان ئازار دراوە.

PO Box 391
Bristol
BS99 7WS.

ژمارەی تەلەفۆن (کارگێری):  0117 944 4411

مالپەر: www.womensaid.org.uk

هێلی یارمەتی: 0808 2000 247

مالپەر بۆ منالآن و لاوان: www.thehideout.org.uk

## ڕێکخراوی تری یارمەتی دەر

**هاوپەیمانی مافی منداڵ لە ئینگلتەرا "Children's Rights Alliance for England (CRAE)"**

**ئەمە لە 275 ڕێکخراوی شەرعی و خۆبەخت کەر پێکهاتووە کە هەوڵ و کۆشش دەدات لەپێناو گۆڕینی بار و ژیانی منداڵ لە ئینگلتەرە و جێبەجێ کردنی تەواوی ڕێکەوتننامەی مافی منداڵان و دەزگاکانی تری مافی مرۆڤ، هەروەها کار دەکات لەپێناو زیادکردنی ڕێزلێنانی منداڵ وەکو گەورەساڵ و قبول کردنیان وەکو ئەندامێکی تەواو و یەکسان لە کۆمەڵگادا.**

**ماڵپەڕ: www.crae.org.uk**
**ژمارەی تەلەفۆن: 020 7278 8222**

**باوکانی ڕاستەوخۆ "Fathers Direct"**

**ئەمە بنکەی زانیاری نیشتمانیە لەبارەی باوکایەتی. هەواڵ و زانیاری ڕاهێنان و سیاسەتی تازەکراوە و کورتەی لێکۆلینەوەکان و ڕێنومایی بۆ پشتگیری کردنی باوکان و خێزانەکانیان.**

**ماڵپەڕ: www.fathersdirect.com**
**ژمارەی تەلەفۆن: 0845 634 1328**

**کۆمەڵەی نیشتمانی بنکەکانی پەیوەندی بۆ منداڵ "National Association of Child Contact Centres"**

**ئەمە هانی پەیوەندی سەلامەت دەدات لەگەڵ منداڵ لەچوارچێوەیەکی نیشتمانی بنکەکانی پەیوەندی تایبەت بە منداڵ کە تیایدا منداڵی ئەو خێزانانەی جیابوونەتەوە دەتوانن کات لەگەڵ دایك یان باوك یان هەردووکیان هەروەها لەگەڵ ئەندامانی تری خێزان بەسەر بەرن، کاتێك هیچ هەڵبژاردەیەکی تر لە ئارادانیە.**

**ماڵپەڕ: www.naccc.org.uk**
**ژمارەی تەلەفۆن: 0845 4500 280**

**ناوبژی نیشتمانی بۆ خێزان "National Family Mediation"**

**ئەم تۆڕە پێکهاتووە لە زیاتر لە 60 خزمەتگوزاری ناوبژی بۆ خێزان لە ئینگلتەرە و وێلز. یارمەتی ئەو ژن و مێردانە دەدات کە لە پرۆسەی جیابوونەوەو تەڵاق دانن. کاری ناوبژی ڕوون دەکرێتەوە و زانیاری لەبارەی خزمەتگوزاریەکانی ناوچەیی لەسەر ماڵپەڕەکە دەست دەکەوێ.**

**ماڵپەڕ: www.nfm.u-net.com**
**ژمارەی تەلەفۆن: 01392 271 610**

**Resolution (پێشتر بە کۆمەڵەی پارێزەرانی یاسای خێزانی ناو دەبران "Solicitors Family Law**

Association")

کۆمەلەی پارێزەران شارەزایی هەیە لە یاسای خێزان، هانی رێگای ئاشتیکەرانە و بنیادنەرانە دەدات لەکاتی جیابوونەوەی خێزان. دەتوانێ ئامۆژگاری پێشکەش بکات لەبارەی ئەندامانی پارێزەران لە ناوچەکە.

مالپەر: www.resolution.org.uk

ژمارەی تەلەفۆن:01689 820 272